کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-9-2007 19:30بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**لە ڕاپەڕیندا ئێمە گوڵ باران و شیعەش گولە باران کران! ... عەلی مەحمود محەمەد**

www.anfal.be

چەند ڕۆژێکە ڕاگەیاندنە کوردیەکان پەیتا پەیتا، هەواڵی دەستپێکردنی دادگایی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی برا هەقە شیعەکان لە باشوور دووبارە دەکەنەوە، نازانم ئایا تەنها شیعە ڕاپەڕینی کرد؟، ئەی کورد لەوکاتانە پیازی پاك کرد؟، ئایا ئەوەی لە کوردستان ئەنجامدرا ڕاپەڕین بوو یان ڕوداوی لە بیرکراو؟، ئەی ئەو هەموو داستانانە چییان لێهات؟ ئەی قارەمانیەتی خەجە باوەو ئەمنە سورەکەو ڕەحیماوە لە کام لاپەڕەی مێژوودا ون بوون؟، کەوتنە بن کام لادیواری کاولکارییەوە؟، ئەی ئەو هەموو شوراو دەستە چەکدارە خەون بوون یان ڕاستی؟، ئەی ئەو هەموو شانازییە هەڵبەستراوانەی بەرپرسان لە یادی



ڕاپەڕیندا، ساڵانە قەوانەکەیمان بۆ لێدەدەنەوە چییان لێهات؟، ئەی بەعس لە ڕاپەڕیندا تەنها شیعەی سەرکوتکرد؟، خۆ هەمووومان کۆڕەومان لە یادە، کە لە ئەنجامیدا هەزاران کەس لە سەرما و لە برسا گیانیان بەختکرد، هەر مەرگەساتی کۆڕەو نەبوو ویژدانی جیهانی جوڵاند، واداریانی کرد هێڵی 36 پەسەند بکەن بۆ پاراستنی ئەو گەلەی سەرتاپا لەبەر کرێوەو زریانا لەرز گرتبووی، ئەو هێڵەی تاکو دنیا دنیایە، سەرانی کورد لە مەرحەمەتی خێر و بەرەکەتەکەی دەرناچن.

کەم دایکی کورد لە سەرکووتکردنی ڕاپەڕیندا، هەموو نەوەکانی لە دەست دا؟، کەم خانەوادە هەبوو لە بنەڕەتەوە پاککرانەوە؟، هێرش بۆسەر نەخۆشخانەی ئازادی کەرکوك لە بیرکرا، تەواوی نەخۆش وبریندارەکان ناوی بە دەست بەستراوی و چاوکراوەیی لە چەند نهۆمەوە بە زیندویی فرێدرانە خوارەوە، ئەی ئەو هەزارانەی لە جەماوەر و پێشمەرگە فریای خۆ قوتارکردن نەکەوتن؟، مەگەر لە بیرمان کرد لە سەرکووتی ڕاپەڕیندا یەك کوردی کەرکووك نەبوون بە خاوەند ماڵ و حاڵی خۆیان، ئەوەی سەری چوو چوو، ئەوی دیکەش زەوی و ئاسمان بوونە ماڵ و حاڵیان، سەدان هەزاریشیان تاکو ئەم چرکە ساتەش نەگەڕانەوە سەر زێدی باوباپیرانیان، مەگەر لە یادمان کرد هەزاران کەس لەکاتی چۆڵکردنی شارەکان بە تۆپباران و کۆپتەرباران گیانیان بەختکرد، مەگەر ئەو ڕۆژانە زەوی و ئاسمان لە کورد نەکران بە ئاگر، مەگەر غەزەبی خوداش قلبڕمانی نەکرد لە سەرماو زریانەکەی، مەگەر و هەزاران مەگەری دیکە، کێشەکە دیسان لە نەبوونی زاکیرە و خاوەنداریەتییەوەیە.

گەلۆ ئەگەر وەك کورد بێکەس بیت، ئەوا نەك لەم دادگایە، بەڵکە لە هەزارانی دیکەش بەشت هەر دۆڕانە، بەشمان هەر غائیب بوون و ماف فەوتانە.

لە دادگای ئەنفال یەك کورد تەسلیم بە دادگا نەکرا، یەك پەڕە کاغەزیش پێشکەش نەکرا، لە دادگای ڕاپەڕین هەزاران قوربانی و سەدان هەزار ئاوارەی کورد هەر باس نەکرا، بۆ کەیسی هەڵەبجەش هەروا، سەرباری ئەوە وێنەکەی عومەر خاوەریش لەگەڵ زەویدا تەختکرا .... ..

گەلۆ خەریکە مێژووی نەهامەتیەکان، هیمای قوربانیەکان هەموو دەسڕنەوە، کەچی لە بەغدا شەڕ گەرمە لەسەر یاسای تاڵانی نەوت و 17% قوتی هاووڵاتیان و تەندەری ئاسیاو کۆڕەك تلیکۆم، لەسەر دامەزراندنی کەس و کاریان، ئەوان هەقیانە، ئاخر ئەگەر مێژووی قوربانیەکان گەل نەسڕنەوە، ناتوانن ڕەوایەتی بە تاڵانیەکانی هەنووکە بدەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.